## ڕێکخراوەکانی 'مافی مرۆڤ'

خەڵکی بۆکان - وەک خەڵکی دیکەی ناوچەکە و هەر کوردستان بە گشتی، چ لە مێژووی کۆن و چ لە سەردەمی نوێدا بە دەست حاکمان و دەسەڵاتدارانی دەولەت و داگیرکەرانی خاکەکەوە تووشی ئازار و جەزرەبە وکوشت وبڕ و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و نشوستی ئابووری و بەگشتی دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانیان هاتوون.

نووسینی مێژووی دەستدرێژیی حاکمان بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکە بابەتێکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشی مێژووی بۆکانە و نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی بۆکان دەبێ بەووردی پێیدا بچنەوە و بیگرنە بەرچاو.

لەوەتا بزووتنەوەی مافی مرۆڤ پەیدا بووە و تۆماری دەستدرێژیی دەسەڵات بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ نووسراوەتەوە، باسی ڕژیمی ئێران خاڵێکی بەرچاو بووە لە ڕاپۆرتەکانیاندا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش یەک لەو بەشانە بووە کە سەرنجی چاوەدێرانی مافەکانی مرۆڤی بەرەوخۆی ڕاکێشاوە لە بەر ئەوەی هەردوو ڕێژیمی شایەتی و مەلایەتی لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤی کورد دا گرەویان لە یەکتر بردۆتەوە.

ئەو ڕێکخراوانەی وا بەو ئەرکەوە خەریکن و تۆێژێنەران و نووسەرانی مێژووی بۆکان دەبێ بە تۆماری هەواڵ و ڕاگەیاندنەکانیاندا بچنەوە، بریتین لە:

ئا. ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (یوو ئێن)؛

ب. ڕیکخراوەی لێبووردنی نێونەتەوەیی یا ئەمنستی ئینترناشناڵ؛

پ. ڕێکخراوەی چاوەدێری مافی مرۆڤ یا 'هیوومەن ڕایتس واچ'؛

ت. کومیسیۆنی مافی مرۆڤی پەرلەمانی ئوروپا

ج. کومیسیۆنی مافی مرۆڤی پەرلەمانی ووڵاتانی ئوروپی؛

چ. کومیسیۆنی مافی مرۆڤی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئوروپا و ئەمریکا؛

و.........

هەروەها ڕیکخراوەکانی هاوچەشن لە ئێران و کوردستان بەتایبەت:

1. ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کورد کە ڕێزدار محەممەد سەدیقی کەبوودوەند و هاوکارەکانی دایان مەزراند و کەبوودوەند بەم بۆنەیەوە چەندەها ساڵە لە زیندانی رژێمی نگریسی کۆماری ئیسلامیدایە؛

2. لقی ئوروپای هەمان ڕێکخراوە؛

3. ڕێکخراوەیەکی هاوچەش کە لە وولاتی سوئێد دامەزراوە و کاک نەوید موعینی و هاوکارەکانی بەڕێوەی دەبەن و سەرنجی سەرەکی ڕێکخراوەکە بۆ سەر ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانە؛

4. ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان کە ناوەندەکەی لە لەندەنە و ڕێزدار کەریم یەڵدیز و هاوکارانی بەڕێوەی دەبەن. گەرچی سەرنجی سەرەکی کاری ئەم ڕێکخراوەیە باکووری کوردستان و کارە بێ قانوونییەکانی ڕیژیمی تورکیایە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش غافڵ نین و کارەکانیان گەلێک بە شێوازی ئوسووڵی و ئەمڕۆیی بەڕێوەدەبەن؛

5. پێشتر ڕێکخراوەیەکی هاوچەشن لە لەندەن هەبوو، کە دوکتۆر نووری تاڵەبانی بەڕێوەی دەبرد و سەرەڕای ئەوەی زیاتر بە کاروباری باشووری کوردستانەوە خەریک بوو، ئاوڕی لە کارەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەدایەوە. وابزانم ڕێکخراوەکە ئێستا کەمتر هەڵسووڕاویی هەیە؛

6. زوربەی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانیش هەرکام بەش و لقێکی تایبەت بە مافی مرۆڤیان هەیە

7. لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشدا وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ هەیە کە لە پەیوەندێکی باشی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی، بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان و لێبووردنی نێونەتەوەییدا هەیە. بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی پێشمەرگە و کادیری حزب وپەنابەری کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان خۆی لەخۆیدا بۆتە هۆی ئەوەی وەزارەتەکە ڕووبەڕووی کاری ڕۆژهەڵاتیش ببێتەوە؛

ئەوانە هەموو، و زۆر ڕێکخراوەی هاوچەشنی تر، دەتوانن سەرچاوە بن بۆ نووسینی مێژووی سیاسی بۆکان و ناوچەکەی.